seed foundation
Social Educational Economic Development

# چوارچێوەی یاسایی

وەڵامدانەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (Gender) لە هەرێمی کوردستان - عێراق ٢٠٢١

seed foundation

Social Educational Economic Development

دەزگای سیید دەزگایەکی ناحکومی قازانج نەویستە و تۆمارە لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق وە کار دەکات بۆ پاراستن و بەهێزکردن و پاڵپشتی کردن لە رزگاربووانی توندوتیژی و ئەوانەی لە مەترسیدان. شێوازی کارکردنمان لەسەر بنەمای گشتگیری و سەرتاپاگیریە. دەزگای سیید خزمەتگوزاری بە کواڵێتی بەرز و گشتگیر پیشکەش دەکات لەوانە خزمەتگوزاری دەروونندروستی و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری یاسایی و دابینکردنی شێڵتەر و ئەنجامدانی راهێنان بۆ ئەو لایەنانەی کار لەسەر پاراستن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە رزگاربووان دەکەن. هەروەها ئەنجامدانی کاری داکۆکیکردن بەمەبەستی بەهێزکردنی یاساکان و پەیڕەوکان و هێنانەکایەی پاراستن بۆ ئەوانەی لە مەترسیدان و بڕەودان بەگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

ئەم نامیلکەیە بریتی یە لە چوارچێوەی یاسایی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (Gender) کە شیکردنەوە و تێڕوانینێکی گشتی لەخۆدەگرێت سەبارەت بە یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کە پەیوەندیدارن بە پاراستنی یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بۆ ڕزگاربووان و ئەوانەی لە ژێر مەترسی توندوتیژین لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی.

بەشی یەکەمی ئەم نامیلکەیە تێڕوانینێکی گشتی لەخۆدەگرێت سەبارەت بەو یاسا بەرکارانەی کە پاراستن دابین دەکەن. بەشی دووەمی نامیلکەکە تێڕوانینێکی گشتی لەبارەی جۆری تاوانەکانی پەیوەندیدار لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرێت. ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە لەلایەن دەزگای سییدەوە بریتی یە لە بەکارهێنانی وەکو سەرچاوەیەک لەلایەن وەڵامدەرەوەکانی هێڵی پێشەوە و کارمەندانی حکومی و پارێزەران و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر کە کاردەکەن بۆ پاراستنی ڕزگاربووان و ئەوانەی لە ژێر مەترسیدان. هەروەها ئەم نامیلکەیە دەکرێت بەکاربهێنرێت لە کاری داکۆکیکردن و دانانی پەیڕەو لەبەرژەوەندی رزگاربووان؛ لەهەمانکاتدا بۆ زیادکردنی پاراستن و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و یارمەتیدانی ڕزگاربووانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و ئەوانەی لە ژێر مەترسیدان. ئەم نامیلکەیە بە پاڵپشتی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەکراوە.

# یاساکان

## یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ٨ی ساڵی ٢٠١١

### ڕەفتارە تاوانکارییە دەستنیشانکروەکان و سزادیاریکراوەکان

ئەم یاسایە ڕێگری لە توندوتیژی خێزانی دەکات کە پێناسەی دەکات بە «هەر کردارێک یان وتەیەک یان هەڕەشەیان پێ لێبکرێت لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانیدا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیات نرابێ و ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناوخێزانەوە ئەشێ لەباری جەستەیی یان جنسی یان دەروونییەوە زیانیان پێ بگەیەنێ و ماف و ئازادیيان لەدەست بدات.

**ئەم یاسایە توندوتیژی جەستەیی یان سێکسی یان دەروونی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەهەروەها توندوتیژی کۆمەڵایەتی-ئابووری و نەریتی زیانبەخش بەتاوان دەناسێنێت کە لە نێو خێزاندا ئەنجام دەدرێن (تا پلەی چوارەمی خزمایەتی کەلەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی یان یاسا دروستبووە)، ئەمانە دەگرێتەوە بەڵام لەمانەدا کورت نەبۆتەوە:**

١- هاوسەرگیری بەزۆر
٢- هاوسەرگیری ژن بەژن (شغار)و منداڵ بەشوودان
٣- بەشودان لەجیاتی خوێن
٤- تەڵاقدانی بەزۆر
٥- برینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی
٦- مێرد بەزۆر ژنی خۆی ناچاری بەدرەوشتی و کاری داوێن پیسی بکات.
٧- خەتەنەکردنی مێینە
٨- ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێهێشتنی فەرمانبەرێتی بەبێ ڕەزامەندی
٩- ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن.
١٠- خۆکوشتن لەئەنجامی توندو تیژی خێزانی
١١- لەباربردن لەئەنجامی توندوتیژی خێزانی
١٢- لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵان بەهەر بیانوویەک.
١٣- سووکایەتی پێکردن و جنێودان بە کەس و کار وبەکەم سەیرکردنی و ئازاردانی وگوشاربۆ هێنانی دەروونی و پێشێلکردنی مافەکانی و بەزۆر سەرجێی کردن. (ماددەی ٢)

**ئەم یاسایە پاراستن بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی خیزانی فەراهەم دەکات؛ کە برتیتین لەمانە:**

١- **فەرمانی پاراستن:** (ماددەی ٤)

- بەڵێننامەیەک لەلایەن شکاتلێکراوەوەکە چیدی لە دژی ڕزگاربوو و ئەندامانی خێزانەکەی نەوەستێتەوە (دەستدرێژی ناکاتە سەر ڕزگاربو یان ئەندامانی تری خێزانەکە)
- ڕەوانەکردن و گواستنەوەی ڕزگاربوو بۆ چارەسەری پزیشکی وەک پێویست و/یان گەر لە لایەن ڕزگاربوو داوا بکرێت
- فەرمانی دادگا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ڕێگریکردن لە شکاتلێکراو لە چوونە نێو ماڵی خێزانی کە تێێدا مەترسی هەیە بۆ سەر ڕزگاربوو و/یان ئەندامانی دیکەی خێزانەکە.

٢. **نهێنی پارێزیی** (ماددەی ٢ (٢))

- ئەو ڕێکارانەی پەیوەندیداران بە لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانیدا بە نهێنی دەبێت.

## تێبینی یە تەواوکارییەکان

**زانیاری زیاتر لەسەر یاساکە:**

ئەم یاسایە بریتی یە لە چوارچیوەی یاسایی بۆ توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە نێو بازنەی خێزاندا کە (دایک و باوک، هاوسەر، خوشک و برا، پور، خاڵ، ئامۆزا و  و داپیر و باپیر) دەگرێتەوە لە هەر توندوتیژییەکی جەستەیی یان دەروونی یان پەیرەوێک کە پێچەوانەی ئاداب و ئاکاری گشتی بێت کە بە کەتن (جنحة) دادەنرێت. هەروەها ئەم یاسایە  بابەتەکانی وەکو فەرمانی پاراستن و مافی ڕەوانەکردن بۆ شێڵتەر لە خۆدەگرێت.

- **کەیسی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی دادگایی دەکرێت بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ئەگەر:**

- لە نێو خێزانەکەدا ئەنجام درابێت. خێزان ئەوانە دەگرێتەوە کە خزمایەتیان هەیە تاوەکو پلەی چوارەم یا پەیوەندی هاوسەرگیریان هەیە یان بە پێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە، و؛
- لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ئەنجام درابێت، و؛
- کەتن (جنحة) بوو (واتە سزای دیاریکراو لە پێنج ساڵ کەمتر بێت).

- **یاسا پەیوەندیدارەکان:**

هەندێک لە تاوانەکان کە لەم یاسایەدا دیاریکراون بەپێی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ و یاسای باری کەسیەتی عێراقی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی عێراقی ژمارە ٨ ی ساڵی ١٩٨٨ و  یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە ژمارە ٢٨ ی ساڵی ٢٠١٢ عێراقی کە بە یاسای ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠١٨ لە هەرێمی کوردستان بەرکارکراوە. بە پێی خەمڵاندنی  دادوەر، کام یاسا سزای توندتری بۆ تاوانە ئەنجامدراوەکە تێدابوو دەکرێت ئەوەی بەسەردا جێبەجێ ببێت.

بە پێی یاسای عێراقی:

- تاوان (جناية)، تاوانێکە سزاکەی لە پێنج ساڵ زیاترە.
- کەتن (جنحة)، تاوانێکە سزاکەی لە پێنج ساڵ کەمترە.

- یاساکە توندوتیژی جەستەیی بە تاوان ئەژمار دەکات کە لەلایەن ئەندامێکی خێزانەوە ئەنجام دەدرێت کە بە پێشێلکردنی مافی کەسێک بۆ ژیان دادەنرێت، ئازادی و ئاسایش. ئەم جۆرە توندوتیژیە دەکرێت ئەمانە بگرێتەوە: توندوتیژی یاخود کردەی خۆگیری کە دەبێتە هۆی برینی جەستەیی، ئازار، زیانگەیاندن یان نائاسودەیی. نمونەکان: لێدان، زللـەلێدان، قورگ گرتن، بڕین، پاڵنان، دەستبەسەرداگرتن، نقورچ لێگرتن، گازگرتن، پرچ ڕاکێشان.

- ئەم یاسایە توندوتیژی سێکسی و بەزۆر سەرجێ کردن لەلایەن هاوسەرەوە بەتاوان ئەژمار دەکات؛ بە دیاریکراوی  بەزۆر سەرجێ کردن لە چوارچێوەی هاوسەرگیریی و توندوتیژییە سێکسییەکانی دیکە.
- توندوتیژی سێکسی واتا هەر شێوەیەک لە شێوەکانی پەیوەندی سێکسی بێ ڕەزامەندی لەکاتێکدا کە جوتبوونی تەواوەتی ڕووی نەدابێت. نمونەکان: ماچی نەخوازراو، دەستبازی یاخود دەسلێدانی نەویستراوی ئەندامی زاووزێ یاخود سمت بە ئەندامی جەستە یاخود شتی دیکە.
- ئەم یاسایە توندوتیژی دەروونی لەلایەن ئەندامی خێزانەوە بەتاوان ئەژمار دەکات. ئەمە لەئەنجامی ئازاری سۆزی و دەروونی یاخود برینە کە مەبەست لێی ترساندن، تۆقاندن، دەستبەسەرداگرتن، ئازاردان، سوکایەتیکردن، لۆمەکردن، یان بریندارکردن.

**نمونەکان:** هەڕەشەی جەستەیی و توندوتیژی سێکسی بۆ رزگاربوو یاخود منداڵەکانی یاخود خێزانەکەی، تۆقاندن، سوکایەتی، دوورخستنەوەی زۆرەملێ لە خێزانەکەی، هاوڕێ یان کار، شوێنکەوتن، گێچەڵکردن، سەرنجی نەخوازراو، وتە و دەستەواژە، ئاماژە یان وشەی نووسراو کە سرووشتی سێکسی یان هەڕەشە لەخۆی بگرێت، یان تێکدانی ئەو شتانەی بە بەهان لای کەسەکە.

**تێبینی:** لەسەر کارمەندانی تەندروستی و پەروەردەیی پێویستە هەواڵ بدەن کاتێک ئاگادار دەبن لە کەیسی توندوتیژی خێزانی (ماددەی ٢، بڕگەی (٣/٢) لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی)، هەواڵدانی ئیجباری لەدژی شێوازی بەناوەندکردنی رزگاربووە، لەوانە ڕێزگرتن لە حەز و ئاواتەکانی رزگاربوو، ئەمە جگە لە شکاندنی نهێنی پارێزی.

**تێبینی:** ئەم یاسایە ئەرکی بە لێژنەیەکی تایبەتمەند داوە بۆ ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەکانی سکاڵا لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە بەو ئامانجەی ئاشتبنەوە. میکانیزمەکانی ئاشتەوایی و نێوەندگیری لەوانەیە هەندێکجار پێچەوانەی باشترین کردار و شێوازی بەناوەندکردنی رزگاربووان بێت. جگە لەوە، هەر میکانیزمێک کە بۆ هاندانی رزگاربوو دانرابێت بۆ ئەوەی لەداوای یاسایی خۆی بکێشێتەوە دەبێتە هۆی هاندانی پێشێلکردنی یاسا و مایەی ئازار بۆ رزگاربوو و کۆمەڵگە، و دەبێتە هۆی لاوازکردنی پرۆسەی دادپەروەری.

## یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩

### ڕەفتارە تاوانکاری یە دەستنیشانکروەکان و سزا بۆ دانراوەکان

ئەم یاسایە هەموو ئەو کارو ڕەفتارانەی دیاریکردوە کە بە تاوان، کەتن، یان سەرپێچی دادەنرێن و سزای بۆ دیاریکردوە؛ هەرچەندە یاسای سزاکانی عێراقی بابەتەکانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی و سێکسی پێناسە نەکردوە بەڵام لێرەدا تاوانەکان لەسەر بنەمای ئەم دابەشکاریە پۆلێنکراون.

**توندوتیژی جەستەیی:**

- **هێرشی جەستەیی:** پێناسەی هێرشی جەستەیی کراوە بە برینداركردن، لێدان، بەکارهێنانی هێز، یان بەکارهێنانی ماددەی زیانبەخش کە دەبێتە هۆی کەمئەندامی هەمیشەیی یان دەبێتە هۆی ئازار/ نەخۆشی (ماددەی ٤١٢-٤١٣)، هێرش کردنە سەر ئافرەتێکی دووگیان (ماددەی ٤١٩)، یان کاتێک کردارەکە هیچ نیشانەیەک لەسەر جەستە جێناهێڵێت (ماددەی ٤١٥).
- **هێرش بەهۆی کەمتەرخەمی و پشتگوێخستن:** هێرش بەهۆی کەمتەرخەمی و پشتگوێخستن پێناسەکراوە وەک بوون بەمایەی ئازاردان بەکەسێکی تر لەڕێگەی گوێپێنەدان، فەرامۆش کردن، یان چاودێری نەکردن و سەرنج پێنەدان، یان بایەخ نەدان بەیاسا (ماددەی ٤١٦).
- **کوشتن:** کوشتنی بەمەبەست بەتاوان ئەژمار کراوە و سزاکەی زیندانی تاهەتایی یان کاتی دەبێت (ماددەی ٤٠٥). شەرەف بەهانەیەکی یاسایی بۆ سوککردنی سزا (ظرف مخفف) نییە (یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٢)
- **لێدان کە دەبێتە هۆی مردن:** هەر کەسێک کە بەویستەوە هێرش بکاتە سەر کەسێکی تر یان هەر ڕەفتارێکی دیکەی تاوانکاری بەبێ هەبوونی نیازی کوشتنی کەسەکە، بەڵام هێرشەکە دەبێتە هۆی مردن (ماددەی ٤١٠).
- **کوشتنی بە هەڵە :** کوشتنی بە هەڵە بریتییە لەکوشتن یان بوونە هۆی مردنی کەسێک لەدەرئەنجامی خۆگیری، بێ ئاگایی، نەبوونی چاودێری و سەرنج، یان گوێ نەدان بەیاسا (ماددەی ٤١١).
- **خۆکوشتن:** هاندان، یارمەتیدان، بوونە هۆ یان هاندان بۆ خۆکوشتن تاوانە ئەگەر بووە هۆی مردن یان نا (یاسای ژمارە ٤٢ی/ ٢٠٠٤). هیچ سزایەک نییە بۆ هەوڵی خۆکوشتن بۆ ڕزگار بوو (ماددەی ٤٠٨). بەدەر لە یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە ١٤ ی ساڵی ٢٠٠٨ کە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە بەپێی یاسای ژمارە ١٤ ی ساڵی ٢٠١١ کە هەوڵ یان هاندان بۆ خۆکوشتن بەتاوان ئەژمار دەکرێت ئەگەر لەلایەن کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەنجام بدرێت (ماددە ٢١).
- **گرتن یان ڕفاندن یان بێبەشکردنی کەسێک لەئازادی:** ئەمە ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە کاردەکاتە سەر ئازادی کەسێک و بێبەشکردنی لە ئازادی کەسی (ماددەی ٤٢١-٤٢٥).
- **بوون بە هۆی لەباربردنی منداڵ:** هەموو جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی یان ئەنجامدانی ڕەفتارێکی تاوانکاری لەدژی ئافرەتێکی دووگیان کە دەبێتە هۆی لەباربردنی منداڵەکەی بەتاوان ئەژمار کراوە. (ماددەی ٤١٩)

**توندوتیژی دەروونی:**

- **توندوتیژی دەروونی:** توندوتیژی دەروونی پێناسە کراوە وەک هەڕەشەکردن لەکەسێکی تر بەئەنجامدانی تاوانێک، یان هەر هەڕەشەیەکی زارەکی یان کرداری تر، چ بەشێوەی نووسراو بێت یان بەدەربڕین، یان لەڕێگەی کەسێکی ترەوە (ماددەکانی ٤٣٠ - ٤٣٢). توندوتیژی دەروونی ناوزڕاندن یان سووکایەتی پێکردن دەگرێتەوە کە بەکەسێکی تر بکرێت لە شوێنی تایبەت یان گشتی (ماددەی ٤٣٥).

**توندوتیژی سێکسی:**

- **لاقە کردن:** پێناسەکراوە وەک ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ مێینەیەک بەبێ ڕەزامەندی، یان ئەنجامدانی سێکسی لواطة (کۆمبازی) لەگەڵ کەسێک بەبێ ڕەزامەندی کەسەکە (ماددەی ٣٩٣).
- ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ نەوجەوان (خوار تەمەنی ١٨ ساڵ) بەتاوان ئەژمار کراوە تەنانەت ئەگەر ڕەزامەندیش بوونی هەبێت (لەدەرەوەی هاوسەرگیری یاسایی). ئەنجامدانی سێکس یان کۆمبازی لەگەڵ ئەندامێکی خێزان بەتاوان ئەژمار کراوە (واتا لەگەڵ مەحرەم) تەنانەت ئەگەر ڕەزامەندیش هەبوو (٣٨٥)
- **فریودان:** فریودان بە بەڵێنی هاوسەرگیری بەمەبەستی ئەنجامدانی سێکس (ماددەی ٣٩٥)، یان تەواوکردنی هاوسەرگیرییەک لەگەڵ زانینی پووچەڵی هاوسەرگیرییەکە و شاردنەوەی ئەم زانیارییانە لەهاوسەرەکە بە تاوان ئەژمار دەکرێت (ماددەی ٣٧٦).
- **پەلاماری سێکسی:** پەلاماری سێکسی یان هەوڵدان بۆ پەلاماری سێکسی بە بەکارهێنانی هێز، هەڕەشە، هەڵخەڵەتاندن، یان شێوازی تر (ماددەی ٣٩٦).
- **دەستدرێژی سێکسی:** دەستدرێژی سێکسی یان هەوڵدان بۆ دەستدرێژی سێکسی بە بەکارهێنانی هێز، هەڕەشە یان هەڵخەڵەتاندن یان بەهەر شێوازێکی تر بەتاوان ئەژمار کراوە (ماددەی ٣٩٦).
- **ئەنجامدانی کردارێکی نەشیاو بەبێ ڕەزامەندی** کەسەکەی تر لە شوێنی تایبەت یان گشتیدا (ماددەی ٤٠٠).
- **سێکس کردن لەگەڵ منداڵ:** ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ کەسێک لەخوار تەمەنی (١٨) ساڵی بێت ، تەنانەت ئەگەر بەڕەزامەندیش بێت بەتاوان ئەژمار کراوە (ماددەی ٣٩٤).
- **دەستدریژی سێکسی مناڵ :** پەلاماری سێکسی کەسێک لەخوار تەمەنی (١٨) ساڵی یان هەوڵی لەو شێوەیە بە بەکارهێنانی هێز یان بێ بەکارهێنانی هێز، یان هەڕەشە، یان فریودان و شێوازی تر (ماددەی ٣٩٦-٣٩٧).
- **هاندان یان هاوکاری مدناڵ بۆ ئەنجامدان یان کردنە پیشەی خراپەکاری:** هاندان یان هاوکاری کەسێک لەخوار تەمەنی (١٨) ساڵی بۆ ئەوەی کاری خراپەکاری ئەنجام بدات یان کاری خراپەکاری بکاتە پیشە بۆخۆی (ماددەی ٣٩٩).
- **داواکردنی کارێک کە پێچەوانەی ئاکار یان ڕەوشتی گشتی یە:** داواکردنی کاری بەدڕەوشتی یان پێچەوانەی ئادابی گشتی لە کەسێکی دیکە یان ڕوبەڕوبوونەوەی مێینەیەک بە پەلاماردان بەووشە یان کردار یان هێما لەشوێنی گشتیدا بە تاوان ئەژمار کراوە (ماددەی ٤٠٢/١)

## تێبینی یە تەواوکارییەکان

**زانیاری گشتی لەسەر یاساکە:**

چەند جارێک ئەم یاسایە لەهەرێمی کوردستان هەموار کراوەتەوە لەساڵەکانی ٢٠٠١، ٢٠٠٢، ٢٠٠٤، و ٢٠٠٨ لەبەرژەوەندی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی. لەوانە لە هەمواری ساڵی ٢٠٠٢، بابەتی (شەرەف) چیتر وەک هەلومەرجی سوککردنی سزا (ظرف مخفف) ئەژمار ناکرێت لە تاوانەکانی کوشتن.

- ئەم یاسایە چوارچێوەکاری یاسایی رەفتاری تاوانکاری لەخۆ دەگرێت، لەوانە توندوتیژی کەتن (جنحة) و هەر جۆرە توندوتیژییەکی تر کە وەک تاوان (جناية) هەژمار دەکرێت، هەرچەندە ئاماژەیەکی دیاریکراو نەدراوە بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی. بەڵام یاساکە هەریەکە لە لاقەکردن، دەستدرێژی سێکسی، توندوتیژی جەستەیی، و هەندێ جۆری تری توندوتیژی بە تاوان ئەژمار کردووە.

**لێپرسینەوە لە کەیسی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە تاوان ئەژمار دەکرێت بەپێی یاسای سزاکان ئەگەر هاتوو:**

- تاوانێک (جناية) لەلایەن ئەندامێکی خێزان یان دەرەوەی خێزان ئەنجام بدرێت.
- کەتنێک (جنحة) کە لەدەرەوەی ئەندامانی خێزان ئەنجام بدرێت.
- کاتێک ئەم یاسایە سزایەکی توندتری داناوە بۆ تاوانی ئەنجام دراو.

**تێبینی:** یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی عێراقی ژمارە ٢٣ ی ساڵی ١٩٧١ فەرمانبەری میری ناچار دەکات بە جوڵاندنی داوا بەبێ پێویستبوون بە سکاڵا کاتێک تاوانێک ڕویداوە یان گوومان دەکات لە ڕودانی تاوانێک کە بەهۆی کارەکەی یان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیەوە پێیبزانێت (ماددەی ٤٨). بەدەر لەو تاوانانەی کە لە ماددە ٣ ی یاساکەدا هاتووە یان هەر تاوانێکی دیکە کە بە یاسا بەدەرکرابێت لە هەواڵدان لەلایەن کارمەندی میری یەوە.

هەواڵدان لە تاوانێک یان جوڵاندانی داوا بەبێ ڕەزامەندی پێشینەی کەسی رزگاربوو دژی شێوازی بەناوەندکردنی رزگاربووە، لەبەرئەوەی حەز و ئاواتەکان و نهێنیەکانی رزگاربوو لەبەرچاو ناگرێت بەتایبەتی لە تاوانەکانی پەیوەندیدار بە شکۆمەندی کەسیەوە هەیە.

**تێبینی:** لەو حاڵەتانەی تۆمەتبار دەستدرێژی سێکسی یان پەلاماری سێکسی ئەنجام دەدات لەدژی کەسێکی پێگەیشتوو یان منداڵێک، بەڵام پاشان هاوسەرگیری لەگەڵ رزگاربووەکە دەکات، ئەوا وەک دۆخێکی سووککردنی سزا هەژمار دەکرێت (ماددەی ٣٩٨). ئەمە مایەی سەرنجە چوونکە ئەگەری هەیە بانگەشە بۆ دەربازبوون لەیاسا بکات و ببێتە هۆی زیادبوونی مەترسی توندوتیژی سێکسی.

**پاراستنی نهێنی:**

- ئەم یاسایە درکاندنی نهێنی بەتاوان ئەژمار دەکات لەڕێگەی «هەر کەسێک کە بەهۆی کار، پیشە، بوار یان سرووشتی کارەکەیەوە زانیاری نهێنی دەستکەوت و پاشان ئەو زانیارییانەی ئاشکرا کرد لەدەرەوەی ئەو بارودۆخانەی بەیاسا رێکخراوە» (ماددەی ٤٣٧)
- یاساکە بڵاوکردنەوەی هەر زانیارییەک پەیوەست بە لێکۆڵینەوە، یان رێکار، یان دادگایی کردن پەیوەست بە کەیسەکانی ڕەچەڵەک (نسب) زینا، تەڵاق، جیابوونەوە، جهێشتنی ماڵی هاوسەرگیری. هەروەها یاساکە بڵاوکردنەوەی ناو یان وێنەی رزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و نەوجەوانی لادەر بەتاوان ئەژمار دەکات. (ماددەی ٢٣٦)

## ڕەفتارە تاوانکاری یە دەستنیشانکروەکان و سزا بۆ دانراوەکان

ئەم یاسایە مامەڵە لەگەڵ هاوسەرگیری، تەڵاق، جیابوونەوە، سەرپەرشتی منداڵ، میرات، مارەیی، و بابەتەکانی تری باری کەسیەتی، لەوانە بۆ نموونە:

- هاوسەرگیری لەدەرەوەی دادگا بەتاوان ئەژمار دەکات (یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی هەموارکراو ژمارە ١٥/ساڵی ٢٠٠٨).
- پێناسەی هاوسەرگیری کراوە وەک: گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاودا (هەمواری ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨، ماددەی ١، برگەی (١))
- ئەم یاسایە ڕێگە دەگرێت لە لایەنی سێیەم کە زۆر لە کەسێکی تر بکات هاوسەرگیری بکات بەبێ ڕەزامەندی. هاوسەرگیری زۆرەملێ بە پووچەڵ هەژمار دەکرێت ئەگەر لەپەردەکردن (دخول) ڕوونەدابێت. ئەگەر لەپەردەکردن تەواو ڕوویدابێت، ئەوا گرێبەستەکە ڕاگیراو (موقوف) دەبێت لەسەر ڕەزامەندی کەسی زۆرلێکراو. مافی هەڵبژاردنی هاوسەر ڕێگەپێدراوە و کەس بۆی نییە ڕێگری لەم هاوسەرگیرییە بکات (یاسای ژ. ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨، ماددەی ٦)
- تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری تەواوکردنی ١٨ ساڵی یە، مەگەر لەژێر هەلومەرجی تایبەت بێت کە داواکاری هاوسەرگیری پێشکەش دەکرێت، لەگەڵ ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری شەرعی، و هەڵسەنگاندی لێژنەیەکی پزیشکی دەربارەی توانای جەستەیی و دەروونی نەوجەوانەکە. بڕیاری کۆتایی دادوەر دەریدەکات (یاسای ژ. ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨، ماددەی ٥).
- بە شێوەیەکی گشتی فرەژنی بە تاوان ئەژمار دەکرێت تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە ڕەزامەندی داوەری لەسەرە بەهاتنەجێی ئەو مەرجانەی لە یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە (یاسای ژ. ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨، ماددەی ١). فرەژنی دەرەوەی دادگا تاوانە و سزای بۆ دانراوە (یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨)
- تەڵاق و جیابوونەوە مافی پیاو و ئافرەتە لەهاوسەرگیریدا ئەگەر ژن سەرپشککرابێت بە تەڵاق (ماددەی ٤٠ - ٥٠). پیاو و ژن مافی داواکردنی جیابوونەوەیان هەیە.
- چاودێری منداڵ و مافی پێسپێری (وصایة)، مارەیی، میرات، و بژێوی (نفقة) لەژێر ئەم یاسایە دیاری کراون.

## تێبینی یە تەواوکارییەکان

زانیاری زیاتر لەسەر ئەم یاسایە:

- فرەژنی تاوانە تەنها لەهەندێ بارودۆخی تایبەتدا نەبێت کە ڕێگە پێدراوە وەک لە یاساکەدا دیاری کراوە. سەلماندنی هەبوونی مەرجە یاساییەکان بۆ ئەو بارودۆخانە لەسەر ئەستۆی پیاوەکەیە.
- تەڵاق و جیابوونەوە ڕێگە پێدراوە هەرچەندە هۆکارەکان بۆ پیاوان و ئافرەتان یەکسان نین. بەهەمان شێوە، مافی چاودێری لە ئەستۆگرتن بەیەکسانی هاوبەشی پێناکرێت.

**دەربارەی یاساکە:**

- ئەم یاسایە چەند جارێک هەموار کراوەتەوە لە هەرێمی کوردستان بۆ باشترکردنی یەکسانی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ئافرەتان، دیارترینیان لەساڵی ٢٠٠٨ بوو «لەژێر هاندانی کۆمەڵگای مەدەنی» (یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨)
- هەندێک یاسای تەواوکار هەن پەیوەست بە یاسای باری کەسیەتیەوە، لەوانە یاسای مافەکانی ژنی تەڵاقدراو لە شوێنی نیشتەجێبوون ژمارە ٧٧ی ساڵی ١٩٨٣، یاسای باری کەسیەتی بۆ بیانییەکان ژمارە ٧٨ی ساڵی ١٩٣١ پەیوەست بە کەیسەکانی باری کەسیەتی بۆ کەسانی بیانی.

**چوارچێوەی پەیڕەوکردن:**

- پەڕەوکردنی یاساکە پەیوەندیدارە بە دادگاکانی باری کەسیەتی و لێکۆڵینەوە. وە دەکرێت بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاربێت وەک چوارچێوەیەکی یاسای پاراستنی رزگاربووان لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

## ڕەفتارە تاوانکاری یە دەستنیشانکروەکان و سزا بۆ دانراوەکان

ئەم یاسایە نێوەندگیری و هاوکاری و بەد بەکارهێنان (استغلال) و کارئاسانی کردن بۆ لەشفرۆشی بەهەر ئامرازێک بێت بە تاوان ئەژمار دەکات (ماددەی ٣).

**لەشفرۆشی** پێناسەکراوە بە: کرداری (زینا) یان کۆمبازی لەگەڵ کەسانی جیاواز بەرامبەر بە بڕێک پارە یان سودێک.

**نیوەندگیری** پێپناسەکراوە بە: نێوەندگیری لەنێوان دوو کەس بەنیازی کارئاسانی کردن بۆ کرداری لەشفرۆشی بەهەر شێوەیەک بێت. ئەمە هاندان لەخۆ دەگرێت تەنانەت بە ڕەزامەندی یان داواکاری لایەنێکیشان بێت. هەروەها بەد بەکارهێنان دەگرێتەوە بۆ لەشفرۆشی کەسێک چ بە ڕەزامەندی یان بە زۆر بێت. (ماددەی ١)

- ئەگەر زانرا ئەو کەسەی لەشفرۆشی پێکراوە فریودراوە یان زۆری لێکراوە یان بەهێز و هەڕەشە خراوەتە ناو کاری لەشفرۆشییەوە، پێویستە قەرەبوو بکرێتەوە (ماددەی ٥).
- ئەو کەسەی ئەم تاوانە ئەنجام دەدات لەدژی رزگاربوویەک ئەوا سزای زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێت و ئەگەر رزگاربووەکە لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵی بوو، ئەوا وەک تاوانێکی توند هەژمار دەکرێت (ماددەی ٥)

## تێبینی یە تەواوکارییەکان

زانیاری زیاتر لەسەر یاساکە:

- کەسێک لەدژی ویستی خۆی یان لەڕێگەی فریودانەوە خرابێتە ناو کاری لەشفرۆشیەوە دەبێت وەک رزگاربوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و قەرەبوو بکرێتەوە.
- یاساکە سزای توندی داناوە لەدژی ئەو کەسانەی نێوەندگیری یان هاوکاری یان بەد بەکارهێنان یان کار ئاسانی دەکەن بۆ لەشفرۆشی.

**زانیاری زیاتر لەسەر تاوانەکە:**

- سێکسی بە زۆرەملێ یان لەبەرامبەر پێدانی سەرچاوە یان خزمەتگوزاری یان هاوکاری کە کچان و ئافرەتانی لێقەوماو بەئامانج دەگرێت کەتوانایان نییە پێداویستی مرۆیی سەرەتایی بۆخۆیان و/یان بۆ خانەوادەکانیان دابین بکەن.
- دەکرێت لەشفرۆشی بە زۆرەملێ لەلایەن هەر کەسێکەوە ئەنجام بدرێت کە خاوەن دەسەڵات یان پلە یان پارە یان کۆنترۆڵی سەرچاوەی ماددی و خزمەتگوزاری لەدەست بێت.

**تێبینی:** گرنگە پرۆسەی دادپەروەری تاوان سەرنج بخاتە سەر دادگایکردنی ئەو کەسانەی کرداری نێوەندگیری و هاوکاری و بەد بەکارهێنانی ئەوانەی کاری سێکسی دەکەن. هەروەها کاری سێکس و بازرگانیکردن بە کاری سێکس بەد بەکارهێنانی زۆری تێدا دەکرێت. پرۆسەی دادپەروەری پێویستە بەوردی دەستنیشان و مامەڵە لەگەڵ قوربانیانی تاوانی لەشفرۆشی بکات و بە قوربانی هەژماریان بکات لە ڕێگەی دابینکردنی پاراستن و خزمەتگوزاری پێویست بۆیان بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ڕێگە خۆش بکات بۆ ساڕێژبوونەوە و دووبارە تێکەڵبوونەوە بە کۆمەڵگە.

**تێبینی:** بەشێوەیەکی گشتی بەپێی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ئەو کەسانەی دادگا بەتاوانباریان دادەنێت لەژێر چاودێری پۆلیسدا دەمێننەوە لەپاش ئازادکردنیان لەزیندان لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا وەکو ئەو سزادراوانەی دەگەڕێنەوە بۆ تاوان. (ماددەی ١٠٨-١٠٩). ڕەنگە ئەمە وەک ڕێگرێک بێت بۆ ئەو کەسانەی لەنێوەندگیری کاری سێکسی تێدەوەگلێن.

## ڕەفتارە تاوانکارییە دەستنیشانکروەکان و سزا بۆ دانراوەکان

**ئەم یاسایە دڵنیایی دەدات سەبارەت بەوەی کە مافی بەدەستهێنانی دەرفەتی کارکردنی یەکسان و مافی دۆخی کارکردنی یەکسان مسۆگەر دەکرێت بەبێ جیاوازیکردن لەسەر بنەمای ڕەگەز، زمان یان ئاین (ماددەی ٢)**

- **ئەم یاسایە دڵنیایی دەدات سەبارەت بە مافی یەکسان و شیاوی مووچە بۆ کاری یەکسان (ماددەی ٤). کرێ یاخود مووچە نابێت دوابخرێت لە پێدانی بە کرێکار (ماددەی ٥١)**
- **ئەمە بەسەر هەموو کرێکارێک جێبەجێ دەبێت لە کەرتی تایبەت یان تێکەڵاو یان کەرتی هاوبەش بێت (ماددەی ٨)**
- **ئەم مافانەی دیاریکراون وەک لانی کەمی پاراستنی مافی مرۆڤ دادەنرێن و دەکرێت ماف و سوودمەندبوونی زیاتر فەراهەم بکرێت (ماددەی ٩)**
- **دۆخی کارکردن و مافەکانی کارپێکردن دیاریکراون، لەوانە مافی وەرگرتنی پشووی کورت، زۆرترین کاتژمێرەکانی کارکردن، مۆڵەتی قەرەبووکراو، مۆڵەتی نەخۆشی، مۆڵەتی دایکایەتی (ماددەکانی ٥٤-٦٥).**
- **ماددەی دیاریکراو دانراوە بۆ پاراستنی کرێکاری ئافرەت لەوانە مۆڵەتی دایکایەتی و چاودێری، پابەندبوون بەنیشاندانی هەموو پاراستنەکانی پەیوەست بە کرێکاری ئافرەت وە دەبێت لەسەر تەختەی ئاگادارکردنەوە نیشان بدرێت، هتد. (ماددەی ٨٠-٨٩)**
- **ئەگەر خاوەن کارێک کەتنێک یان تاوانێکی ئەنجامدا لەدژی کرێکارێک یان ئەندامێکی خێزانەکەی، ئەوا کرێکارەکە دەتوانێت کە گرێبەستەکەی تاکلایەنانە هەڵبوەشێنێتەوە بەبێ ئاگادارکردنەوە (ماددەی ٣٧، برگەی (٢))**

## تێبینی یە تەواوکارییەکان

زانیاری زیاتر لەسەر یاساکە:

- ئەمە یاسایەکی گشتگیرە کە تێیدا ماف و پابەندبوونەکانی هەموو کرێکاران، لەوانە دەرفەت و مافی یەکسان لەدامەزراندن، مووچەی یەکسان بۆ کاری یەکسان، یەکسانی ماف لەشوێنی کاردا، مۆڵەتی دایکایەتی قەرەبووکراو، مۆڵەتی قەرەبوونەکراو بۆ ئەو دایکانەی کار دەکەن، پشووی قەرەبووکراو بۆ دایکی شیردەر ئاماژەی پێدراوە هتد.

چوارچێوەی پەیرەوکردن:

- ئەم یاسایە تەنها لەهەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، لەکاتێکدا لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم یاسای کاری نوێی عێراقی ژمارە ٣٧ ی ساڵی ٢٠١٥ پەیڕەو دەکرێت.
- لەهەرێمی کوردستان دادگای تایبەت بە کار هەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی کار لە نێوان خاوەن کارو کرێکاردا سەبارەت بەدامەزراندن و ئەو مافانەی کرێکار کە باوەڕ دەکرێت پێشێلکراون.

**تێبینی:** هەرچەندە باشە کە یاساکە هەندێک پاراستن دابین دەکات بۆ ئافرەتان، وەک مۆڵەتی دایکایەتی و شیرپێدان لەکاتی کاردا، بەڵام یاساکە هەندێک ماددە و برگەی تێدایە کە جیاکاری دەکات لەدژی ئافرەتان، لەوانە ڕێگریکردن لەئافرەتان لەکارکردن لەهەندێک سێکتەری دیاریکراو و هەروەها کارکردنی ئافرەتان لەشەودا لەهەندێک سێکتەری تر.

**تێبینی:** دەکریت هەڵوەشاندنەوەی یەکسەری گرێبەست بێتە ئاراوە کاتێک کەسێک تاوانبارە بەئەنجامدانی کەتنێک، لەوانە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، چ لە شوینی کاردا یان لەدەرەوەی شوێنی کاردا.

# یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ ژمارە ٢٨ی ساڵی ٢٠١٢ کە بە یاسای ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠١٨ لە هەرێمی کوردستان بەرکار کراوە

## ڕەفتارە تاوانکارییە دەستنیشانکروەکان و سزا بۆ دانراوەکان

ئەم یاسایە بازرگانی کردن بەمرۆڤ بەتاوان ئەژمار دەکات؛ بازرگانی کردن بە مرۆڤ پێناسەکراوە بە خستنەسەر کار، گواستنەوە، نیشتەجێکردن، یان وەرگرتنی کەسانێک لەڕێگەی هەڕەشە یان بەکارهێنانی هێز یان جۆرەکانی تری زۆرلێکردن، فڕاندن، فێڵ لێکردن، هەڵخەڵەتاندن، خراپ بەکارهێنانی هێز، لەباتی پارە، یان ئیمتیازات بۆ کەسێکی خاوەن کاریگەری بەمەبەستی فرۆشتن و بەد بەکارهێنانی کەسە بازرگانی پێکراوەکان لەڕێگەی:

- لەشفرۆشی
- بەدماماڵەی سێکسی
- کارپێکردنی زۆرەملێ
- بە کۆیلەکردن
- سواڵکردن
- بازرگانی کردن بەئەندامی جەستەی مرۆڤەوە
- ئەگەر رزگاربوو منداڵ یان ئافرەت، یان خاوەن پێداویستی تایبەت بێت ئەوا بە دۆخی توندکردنی سزا (ظرف مشدد) هەژمار دەکرێت و سزاکەی توندتر دەبێت (ماددەی ٦)
- ڕەزامەندی لەلایەن رزگاربووی بازرگانی کردن بەمرۆڤ وەک بەهانەیەک بۆ بەرگری کردن لە تۆمەتبار بەهەند وەرناگیرێت (ماددەی ١٠)
- بەرپرسیارێەتی کۆتایی دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت بۆ دابینکردنی هاوکاری پێویست بۆ رزگاربووانی بازرگانی کردن بەمرۆڤ (ماددەی ١١)

## تێبینی یە تەواوکارییەکان

زانیاری زیاتر لەسەر یاساکە:

- ئەم یاسایە زۆرێک لە مافە بنچینەیی و سەرەتاییەکان دەپارێزێت لەوانە مافی ئازادی لە کۆیلایەتی و بەکۆیلەکردن، مافی ئەنجام نەدانی کاری بە زۆرەملێ، مافی ئاسایشی کەسی، و مافی نەبوون بە قوربانی ڕەفتاری نامرۆڤانە یان سووکایەتی پێکردن یان سزادان.
- ئەم یاسایە لە ١٤ ماددە پێکدێت کە هەموو سزا توندەکان لەخۆ دەگرێت بۆ هەر کەسێک دەستی هەبێت لەبازرگانی کردن بەمرۆڤ.

**زانیاری زیاتر لەسەر تاوانەکە:**

بازرگانی کردن بەمرۆڤ ئاماژەیە بەتاوانێک کە تیایدا کەسی بازرگان سوود وەردەگرێت و کەسانی پێگەیشتوو یان منداڵ بەکار دەهێنێت بۆ قازانجی خۆی لەڕێگەی زۆرلێکردن یان کاری بە زۆرەملێ یان بەشداری پێکردن لەبازرگانی سێکس. کاتێک کەسێک لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵ بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی کاری بازرگانی سێکسی، ئەوا بەتاوان دادەنرێت جا چ هێز یان فێڵ یان زۆر لێکردن بەکار هاتبێت یان نا.

**چوارچێوەی پەیرەوکردن:**

- **لەهەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ دامەزراوە و بەرپرسە لەجێبەجێکردنی ئەم یاسایە و مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی بازرگانی کردن بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١٨.**

**تێبینی:** ئەم یاسایە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری و پاراستن دابین دەکات بۆ رزگاربووانی بازرگانی پێکراو کە دەبێت لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینی بکات. خزمەتگوزاری وەڵامدانەوە بۆ رزگاربووانی بازرگانی کردن بەمرۆڤ و رزگاربووانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە بۆ سارێژبوون و دووبارە تێکەڵبوونەوەیان بە کۆمەڵگە.

## ڕەفتارە تاوانکاری یە دەستنیشانکروەکان و سزا بۆ دانراوەکان

**ئەم یاسایە هەموو کەسێکی قەدەغەکردووە لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن و/یان ئەنتەرنێت بۆ مەبەستی:**

- هەڕەشە لێکردن
- تۆمەت هەڵبەستن
- بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە/ هەڵبەستراو
- جوێن
- بڵاوکردنەوەی زانیاری کە دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی ترس یان بەدگۆیی
- بەکارهێنانی وێنە یان ڤیدیۆ یان نامەی مۆبایل کە دژی بەها کۆمەڵایەتییەکان بێت
- چرکاندنی وێنەی شتێک یان کەسێک بێ وەرگرتنی مۆڵەت
- هەر کردارێک کە دەبێتە مایەی ئازار یان هانی تاوان یان کاری بەدڕەوشتی دەدات
- بڵاوکردنەوەی زانیاری تایبەتی کەسێک یان خێزانێک بەهەر ئامرازێک بێت، تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بوون، و لەدەرئەنجامی بڵاوکردەنەوەیان بووە هۆی ناوزڕاندن یان ئازار بۆ کەسانی تر (ماددەی ٢)
- ئەم یاسایە جاڕس کردن بە ئەنقەست لە ڕێگەی هەر ئامرازێکی پەیوەندی کردن یان بە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بە تاوان ئەژمار کردووە. (ماددەی ٣)
- ئەگەر لەدەرئەنجامی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن (وەک لەیاساکە دیاری کراون) تاوانێک ئەنجام درا، ئەوا ئەو کەسەی کە بۆتە هۆی تاوانەکە بەپێی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن وەک هاوبەشی تاوانەکە ئەژمار دەکرێت (ماددەی ٤)

## تێبینی یە تەواوکارییەکان

زانیاری زیاتر لەسەر تاوانەکە:

- ئەم یاسایە باسی ئەو توندوتیژیانە دەکات کە لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە ئەنجامدەدرێت، لەوانە کۆمەڵێک ڕەفتار وەک بەدمامەڵەی سێکسی لە ڕێگەی بەکارهێنانی وێنەی کەسی، شوێن کەوتن بەئۆنلاین، گێچەڵی سێکسی و هی تر، شوێن کەوتنی ئەلکترۆنی، سوکایەتی لەڕێگەی ئەنتەرنێت، بڵاوکردنەوەی وێنەی تایبەت بێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی، هەل وەرگرتن و جۆرەکانی تری بەدمامەڵە کە بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر یان مۆبایل یان ئەنتەرنێت ئەنجام دەدرێت. دەکرێت توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە بەکار بێت بۆ  بەد بەکارهێنانی کەسێکی تر، لەوانە  بە بەکارهێنانی هەڕەشە، زۆرلێکردن، گێچەڵ (ابتزاز) بۆ سێکس یان قازانجی دارایی.
- دەکرێت ئەم جۆرە توندوتیژییە لەلایەن هەر کەسێکەوە ئەنجام بدرێت لەوانە تاک و گروپەکان، ناسراو یان نەناسراو لای ئەوانەی بەئامانج دەگیرێن. کچان و ئافرەتان بەشێوەیەکی زیاتر کاریگەر دەبن بەم جۆرە توندوتیژییە بەتایبەتی لەنێو ئەو کەلتوورانەی کە شەرەف و شەرمەزاری دەکەن بە پاساو بۆ ئەو تاوانەی بەرامبەر ڕزگاربوو ئەنجامدراوە وەک پەڵەیەکی شەرمەزاری دەبینەوە کە وادەکات ڕزگاربووان ڕوبەڕووی توندتیژی زیاتر ببنەوە لە لایەن خێزانەکانیان و کۆمەڵگەوە.
- کاتێک کەسی تۆمەتبار سەر بە هێزە چەکدارەکان یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت یاخود ئەو کەسەی سیفەتە فەرمیەکەی بەکاردێنێت یان ئەگەر زانیاری نهێنی بەکارهێنا کە لەدەرئەنجامی کارەکەی بەدەستی هێنابوون ئەوا بەپێی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن  وەک دۆخی توندکردنی سزا (ظرف مشدد) هەژمار دەکرێت. (ماددەی ٥)

# بەگوێرەی تاوان

## توندوتیژی جەستەیی

### پێناسە و نمونەکان

توندوتیژی جەستەیی هەر کردەیەکی توندوتیژی جەستەییە کە دەبێتە هۆی برینی جەستە، ئازار، لاوازی یاخود  نا ئاسودەیی جەستە.

نمونەکان: لێدان، زلـلەلێدان، قورگ گرتن، برین، پاڵپێوەنان، گرتن، نقورچ لێگرتن، گەستن، قژ ڕاکێشان، سوتاندن، خنکاندن، تەقەلێکردن، هێرش کردن بە تێزاب یاخود بەکارهێنانی هەر چەکێک. ئەمە دوگیانی زۆرەملێ، لەباربردنی منداڵ بە زۆرەملێ، گواستنەوەی نەخۆشی سێکسی بە مەبەست، بێبەشکردن لە چاودێری تەندروستیش دەگرێتەوە.

## یاسا بەرکارەکان

**کوشتن:** کردەی کوشتنی کەسێکی دیکە بە مەبەست (ماددەی ٤٠٥ و ٤٠٦ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩).

**کوشتن لەسەر بنەمای شەرەف:** ‹شەرەف› وەکو بەهانەیەک بۆ ئەنجامدانی تاوانێک دۆخێک نییە بۆ سوککردنی سزا لە هەرێمی کوردستاندا. (ماددەی ١ لەیاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٢).

**کوشتنی بەهەڵە:** کردەی کوشتنی کەسێکی دی بە هەڵە یان بەبێ هەبوونی نیەتی کوشتن بەهۆی کەمتەرخەمی یان بیر نەکردنەوە یان گوێنەدان یان پەیرەوینەکردنی یاسا (ماددەی ٤١٠ و ٤١١ لەیاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩).

**هێرشکردنەسەر بێ هەبوونی مەبەستی کوشتن بەڵام دەبێتە هۆی کوشتن :** هێرشکردنەسەر کەسێکی دی بە مەبەست لە ڕێگەی لێدان یاخود بریندارکردن بە بەکارهێنانی هێز یاخود ماددەی ئازاردەر یان بەئەنجامدانی کردەیەکی نایاسایی تر بەبێ هەبوونی مەبەستی کوشتن (ماددەی ٤١٠ لەیاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩).

**خۆکوشتن/هەوڵی خۆکوژی:** هاندان، یارمەتیدان، بوون بە هۆی خۆکوژی کەسێک ئەگەر خۆکوشتنەکە ڕوبدات یاخود ڕوونەدات (شروع) (ماددەی ١ی  یاسای ژمارە ٤٢ ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەموارکردنی ماددەی ٤٠٨ ی یاسای سزاکانی عێراقی).

بەڵام یاساکە هیچ سزایەکی دانەناوە بۆ هەوڵی خۆکوژی بۆ ڕزگاربوو (ماددەی ٤٠٨).

هەوەها لە یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە ١٤ ی ساڵی ٢٠٠٨ کە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە بەپیی یاسای ژمارە ١٤ ی ساڵی ٢٠١١ کە هەوڵ یان هاندان بۆ خۆکوشتن بەتاوان ئەژمار کراوە ئەگەر لەلایەن کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەنجام بدرێت (ماددە ٢١).

بەلام لە نێو خێزاندا: ئەو کەسانەی دەبنە هۆی خۆکوشتن لە ڕێگەی کردەکانی توندوتیژی خێزانی سزادەدرێن (بڕگەی یەکەم ماددەی ٢ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١).

**دەستدرێژی جەستەیی:** دەستدرێژی جەستەیی بۆ سەر کەسێکی دی بە مەبەست لە ڕێگەی بریندارکردن بە بەکارهێنانی هێز یاخود کەرەستەی ئازاردەر یاخود کردنی هەر ڕەفتارێکی تاوانکاری دیکە بە مەبەست یاخود بێ مەبەستی دروستکردنی کەمئەندامی، نەخۆشی یاخود زیان. (یاسای سزاکانی عێراقی رمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ماددەکانی ٤١٢-٤١٣).

لە نێو خێزاندا: لێدانی منداڵەکان یاخود ئەندامی خێزان بە هەر بیانویەک بە دیاریکراوی بەتاوان ئەژمار کراوە (ماددەی ٢ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١).

**هێرشکردنە سەر ژنی دووگیان:** دەستدرێژی کردنە سەر ژنی دووگیان لە ڕێگەی لێدان یاخود بریندارکردنییەوە، بە بەکارهێنانی توندوتیژی یاخود پێدانی ماددەی ژەهراوی  بێ یاخود ئەنجامدانی هەر ڕەفتارێکی تاوانکاری دیکەی بە مەبەست یاخود بێ مەبەست ببێتە هۆی لەبارچوون. (یاسای سزاکانی عێراقی  ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، ماددەی ٤١٩).

لە نێو خێزاندا: بوون بە هۆی لەبارچوونی منداڵ لە دەرئەنجامی توندوتیژی خێزانی بەتاوان ئەژمار کراوە (ماددەی ٢ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١).

**دەستدرێژی لاوەکی:** دەستدرێژی لاوەکی یاخود بریندارکردن کە جێماوە جێ نەهێڵێت لەسەر جەستەی قوربانییەکە سزای یاسایی هەیە (یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩، ماددەی ٤١٥).

**هێرشکردن بە گوێنەدان:** دروستکردنی زیان بۆ کەسێکی دی یاخود نەخۆشخستنی لە ڕێگەی پشتگوێخستنییەوە یان کەم تەرخەمی یان پێنەدانی چاودێری یان گرنگیپێنەدان یان ڕەچاونەکردنی یاسا (ماددەی ٤١٦ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩)

## پێناسە و نمونەکان

توندوتیژی سێکسی ڕەفتارێکی بەدمامەڵەی سێکسی یاخود کردەی سێکسیە کە بە زۆر بسەپێندرێت بەسەر کەسێکی دیکەدا کە لەلایەن هێرشبەرەوە بە لاوازتر/ بێ دەستەڵاتر دادەنرێت لە خۆی. توندوتیژی سێکسی چەندین شێوە وەردەگرێت لەوانە لاقەکردن، کۆیلایەتی سێکسی یان بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە، دووگیانی زۆرەملێ، هەراسانکردنی سێکسی، بەکارهێنانی سێکسی یان بەدمامەڵە، لەباربردنی زۆرەملێ و توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە.

**لاقەکردن:** بریتی یە لە کرداری چونەناوەوەی (هەرچەندە کەم بێت) چوکی نێرینە بۆ ناو زێی مێینە یان کۆمی نێرینەیەک یان مێینەیەک بەبێ ڕەزامەندی.

**دەستدرێژی سێکسی:** هەر شێوەیەکی پەیوەندی سێکسی بەبێ ڕەزامەندی کە چونەناوەوەی چوکی تێدا نییە. نمونەکان: هەوڵی لاقەکردن، ماچی نەویستراو، دەستبازی یاخود دەستلێدانی نەویستراو لە ئەندامی زاووزێ یاخود سمت بە ئەندامێکی جەستەی دەستدرێژیکار یاخود بە بەکارهێنانی کەرەستەیەک.

**بەدمامەڵەی سێکسی منداڵ:** هەر کردەیەک کە تێیدا منداڵ بەکاربهێنرێت بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی لەوانە هەر پەیوەندیەکی سێکسی لەگەڵ منداڵدا. بەدمامەڵەی سێکسی لەگەڵ منداڵ دەکرێت لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام بدرێت کە منداڵەکە متمانەی پێی هەیە، یان هەر کەسێک لە پێگەی هێز، دەستەڵاتی بەسەر منداڵەکەدا هەبێت.

**بەد بەکارهێنان سێکسی:** هەر بەد بەکارهێنانێکی بێ دەستەڵاتی یان کەم دەستەڵاتی یان متمانەی رزگاربوو بە مەبەستی سێکسی، لەوانە بەمەبەستی بەدەستهێنانی قازانجی ماددی یان کۆمەڵایەتی یان سیاسییەوە یان لە ڕێگەی بەکارهێنانی سێکسی کەسێکی دیکەوە. لەشفرۆشی زۆرەملێ/بە زۆرلێکردن و بازرگانی کردنی سێکسی بە مرۆڤەوە هەردووکیان دەچنە خانەی بەکارهێنانی سێکسییەوە بە پلەی جیاواز لە یەک چونکە لایەنێک (لایەنی سێیەم) زۆرجار سود دەبینێت لە بەتاڵکردنەوەی ماف و شکۆی کەسێکی دیکە.

**لەشفرۆشی زۆرەملێ:** بریتی یە لە ناچارکردن یاخود زۆرلێکردنی کەسێک بۆ ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ کەسێکی تردا لە بەرامبەر بەدەستهێنانی بڕێک پارە یان سودێک. وە زۆربەی جاریش بێدەستەلاتترین ژنان یان کچەکان کە توانای دابینکردنی پێویستییە سەرەتاییەکانیان نیە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دەکرێنە ئامانج. لەشفرۆشی زۆرەملێ دەکرێت بە یەکێک لە شێوازەکانی تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە ئەژمار بکرێت.

**بازرگانی کردن بە مرۆڤ:** تاوانێکە کە تێیدا بازرگانەکان قوربانی کەسانی گەورە یان منداڵ بۆ سوودی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن و قازانج دەکەن. وە زۆربەی کاتەکان قوربانیان لە کاری زۆرەملێ و بازرگانی سێکسیدا بەکاردەهێنرێن.

- کاتێک هەر جۆرێک لە هێز یان فێڵ یان زۆرلێکردنێک هەبێت بۆ کەسێکی تەمەن (١٨) ساڵ یان زیاتر بۆ تێوەگلان لە کاری سێکسدا و لایەنی سێیەم لە ناودا بێت، بە بازرگانی سێکس بە مرۆڤەوە دادەنرێت.
- کاتێک کەسێکی خوار تەمەن (١٨) ساڵ بەکاردەهێنرێت بۆ بەجێهێنانی کردەیەکی بازرگانی سێکسی، ئەوە دەبێت وەک تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ئەژمار بکرێت (بێ گوێدانە بوون یان نەبوونی هەر جۆرێک لە هێز یان فێڵ یان زۆرلێکردنێک - بەپێی پرۆتۆکۆلی پالێرمۆ) .

**گێچەڵی سێکسی:** بریتی یە لە هەر لێدوان یان چوونە پێش یان داواکارییەکی نەویستراو بۆ ویست و حەزێکی سێکسی وهەر هەڵسوکەوتێکی دیکەی زارەکی یان جەستەیی کە سروشتێکی سێکسیی هەبێت کە سوکایەتی یان هەڕەشە دەبێت بۆ کەسەکە یان هەستی کەسەکە بریندار دەکات. زۆرجار کردەی گێچەڵی سێکسی بەردەوامی دەبێت وەکو دەستلێدانی نەویستراو یان ئاماژەی سێکسی یان گاڵتەوە.

**تێبینی:** زۆرجار هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەم جۆرە تاوانانە ناڕونن. هەربۆیە تێگەیشتن لە سروشتی ئەم تاوانانە کارێکی ئاسان نیە بەبێ گەڕانەوە بۆ پێناسە و چەمکە یاساییەکان کە دەکرێت تاراددەیەک یارمەتیدەربن لە جیاکردنەوەی تاوانەکان لە یەکدی.

**تێبینی:** نهێنی پارێزی لە هەموو کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە چونکە هەر شکاندنێکی نهێنی پارێزی دەکرێت زیان بگەیەنێت بە ڕزگاربوو یان خێزانەکەی و کەسانی تر. نهێنی پارێزی لە کەیسەکانی توندوتیژی سێکسی بە دیاریکراوی گرنگە کە ڕزگاربوو زۆرجار لەلایەن خێزان یان کۆمەڵگاوە لۆمە دەکرێت لەسەر ئەو توندوتیژیانەی کە ڕووبەڕویان دەبنەوە کە تێیدا بابەتی شەرەف ڕۆڵی دەبێت. شکاندنی نهێنیپارێزی بە پێی یاسای سزاکانی عێراقی بەتاوان ئەژمارکراوە:

- -ئەم یاسایە شکاندنی نهێنیپارێزی بەتاوان ئەژمار دەکات لەلایەن «هەر کەسێکەوە کە بەهۆی شوێنی کارەکەی، پیشەکەی، بازرگانی یاخود سروشتی بواری کارەکەی زانیاری نهێنی دەچێتە بەردەست و ئەم زانیارییە ئاشکرا دەکات لە دۆخێکی دەرەوەی ئەوەی لە یاسادا ئاماژەی پێدراوە» (ماددەی ٤٣٧)
- یاساکە بڵاوکردنەوەی هەر زانیارییەک پەیوەست بە لێکۆڵینەوە، یان ڕێکار، یان دادگایی کردن پەیوەست بەکەیسەکانی ڕەچەڵەک (نسب) زینا، تەڵاق، جیابوونەوە، جهێشتنی ماڵی هاوسەرگیری. هەروەها یاساکە بڵاوکردنەوەی ناو و/یان وێنەی ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و نەوجەوانی لادەر بەتاوان ئەژمار دەکات. (ماددەی ٢٣٦)

## یاسا بەرکارەکان

**بەزۆر سەرجێی کردن و لاقەکردن:** جووتبوونی نێوان ژن و مێرد کە ڕەزامەندی لەسەر نەبێت (بڕگەی ١ لە ماددەی ٢ ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١).

جووتبوون لەدەرەوەی هاوسەرگیری کە ڕەزامەندی لەسەر نەبێت تاوانە (ماددەی ٣٩٣ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).

لاقەکردن بریتی یە لە کرداری چونەناوەوەی (هەرچەندە کەم بێت) چوکی نێرینە بۆ ناو زێی مێینە یان کۆمی نێرینەیەک یان مێینەیەک بەبێ ڕەزامەندی.

ئەمە پێناسەیەکی بەرتەسکی دەستدرێژی سێکسییە. دۆخی وا کە تاوانەکە خراپتر دەکات و سزای ئەنجامدەرەکە زیاد دەکات، لەوانە: گەر ڕزگاربووەکە لە خوار (١٨) ساڵەوە بێت، گەر ئەنجامدەرەکە ئەندامی خێزان یان خزم بێت، گەر بەد بەکارهێنانی سێکسی هەبێت لەلایەن کەسێکەوە لە پێگەی هێزدا، هتد.

**تێبینی:** لەو کەیسانەدا کە ئەنجامدەر لاقەکردن و دەستدرێژی سێکسی ئەنجام دەدات بۆ سەر پێگەیشتوو یاخود منداڵێک بەڵام دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ ڕزگاربوودا ئەنجامدەدات، ئەوا بە دۆخی سووککردنی سزا هەژمار دەکرێت (ماددەی ٣٩٨). ئەمە هۆکارێکی جێگەی نیگەرانییە چونکە برەو دەدات بە خۆدزینەوە لە سزا و مەترسی توندوتیژی سێکسی زیاد دەکات لەوانەش لاقەکردن.

**توندوتیژی سێکسی:** دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کەسێکی تر (یاخود هەوڵدان بۆی) بە بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشە یان هەڵخەڵەتاندن و ئامرازەکانی دیکە بە تاوان ئەژمار کراوە (ماددەی ٣٩٦ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).

**بەدمامەڵەی سێکسی لەگەڵ منداڵدا:** جووتبوون لەگەڵ کەسی خوار تەمەن (١٨) ساڵ تاوانە. هیچ ڕەزامەندییەک لەبەرچاو ناگیرێت لەو حاڵەتانەدا کە ڕزگاربوو لە خوار تەمەنی (١٨) ساڵەوەیە (ماددەی ٣٩٤ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩).

دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کەسی خوار تەمەن (١٨) ساڵ (یاخود هەوڵدان بۆی) بە وەرگرتن یاخود وەرنەگرتنی ڕەزامەندی و بە بەکارهێنان یان بەکارنەهێنانی هێز، هەڕەشە یان هەڵخەڵەتاندن و ڕێگاکانی تر تاوانە (بڕگەی دوو لە ماددەی ٣٩٦ و ماددەی ٣٩٧ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).

**بەد بەکارهێنانی (استغلال) سێکسی:** بەد بەکارهێنانی سێکسی کەسێکی دی تاوانێکی قورسە کە تێیدایە گەر ئەنجامدەر لە پێگەی هێزدا بێت وەکو باوک/دایک/ سەرپەرشتی منداڵ، هەر کەسێک کە دەستەڵاتی هەبێت بەسەر ڕزگاربوودا، یاخود گەر ئەنجامدەرەکە کارمەندێکی حکومی یان ڕێبەرێکی ئایینی یان پزیشکێک بێت و پێگەی دەستەڵاتیان یاخود ئەو متمانەیەی پێیان بەخشراوە بەکاربهێنن بەمەبەستی ئەنجامدانی بەد بەکارهێنانی سێکسی کەسی ڕزگاربوو.

پێدانی بەڵێنی ساختەی هاوسەرگیری وە ئەنجامدانی سێکس و جووتبوون پاشان نەبردنەسەری بەڵێنەکە تاوانە (ماددەی ٣٩٥ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).

**لەشفرۆشی زۆرەملێ:** هاندان یاخود یارمەتیدان لە تێوەگلاندنی کەسی خوار تەمەن (١٨) ساڵ لە جووتبوون یاخود لەشفرۆشیدا (ماددەی ٣٩٩، یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩).

دەلالیکردن یان یارمەتیکردن یان هەڵخەڵەتاندن یان هاوکاریکردن بۆ کاری لەشفرۆشی بە هەر ڕێگایەک بێت تاوانە (ماددەی ٣ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە ٨ ی ساڵی ١٩٨٨) .

**بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە:** دامەزراندن، گواستنەوە، نیشتەجێکردن یاخود وەرگرتنی تاکەکان لە ڕێگەی زەبر، هەڕەشە بۆ بەکارهێنانی هێز، یاخود ڕێگاکانی تر، لەوانە زۆرلێکردن، ڕفاندن، فێڵ، هەڵخەڵەتاندن، خراپ بەکارهێنانی دەستەڵات، لە بەرامبەر پارە یاخود قازانج بۆ کەسێکی خاوەن کاریگەری تاوەکو کەسە بازرگانی پێکراوەکان بفرۆشێت و بەکاریان بهێنێت لە ڕێگەی لەشفرۆشی، بەدمامەڵەی سێکسی، کارکردنی بێ بەرامبەر، کارکردنی زۆرەملێ، کۆیلەکردن، سواڵکردن، بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە، تاقیکردنەوەی پزیشکی (ماددەی ١ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە ژمارە ٢٨ ی ساڵی ٢٠١٢ کە بەرکارکراوە بە یاسای ژمارە ٦ س ساڵی ٢٠١٨ لە هەرێمی کوردستان).

ڕەزامەندی وەرگرتن لە ڕزگاربوو وەکو بەرگری قبوڵ ناکرێت (ماددەی ١٠). ڕزگاربوو بەدەست زیانی ماددی یاخود مەعنەوی زەرەرمەند بووە، بۆیە دەبێت هاوکاری بکرێت و بپارێزرێت.

**تێبینی:** بە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و باشترین پەیڕەوەکانەوە، بەشداری کەسێکی خوار تەمەن (١٨) ساڵ لە بازرگانی سێکسدا ڕاستەوخۆ وەکو بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە پۆلێن ناکرێت لە هەرێمی کوردستاندا و بە ڕونی لە ژێر ئەو ناوەدا دانانرێت. بەلام، یاسای سزاکانی عێراقی هاندان یاخود یارمەتیدان لە تێوەگلاندنی کەسی خوار تەمەن (١٨) ساڵ لە لەشفرۆشیدا بە تاوانێکی قورس دیاریکراوە کاتێک بەد بەکارهێنانی(استغلال) تێدا بێت (بۆ نمونە کەسێک لە پێگەی هێز/دەستەلاتدا کە کەسێکی خوار تەمەن (١٨) ساڵ خراپ بەکاردەهێنێت (استغلال) بۆ بەدەستهێنانی قازانجی ماددی) (ماددەی ٣٩٩).

هەمان شت بۆ یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە ڕاستە (ماددەی ٦)، کە ئاماژە بەوە دەدات کە گەر ڕزگاربوو خوار تەمەن (١٨) ساڵ، ژن، یاخود کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت بێت، ئەوکات وەکو دۆخێکی قورسی تاوان دادەنرێت.

**گێچەڵی سێکسی:** ئەنجامدانی کردەیەکی نەشیاو لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی تاوانە لە شوێنی گشتی و تایبەتدا (ماددەکانی ٤٠٠-٤٠١ ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).

ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاو لەگەڵ کەسێکی دی یاخود هێرشکردنە سەر ژنێک لە شوێنە گشتییەکاندا بە شێوەیەکی نەشیاو بە گوفتار، کردار یاخود ئاماژە تاوانە (ماددەی ٤٠٢ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).

## پێناسە و نمونەکان

توندوتیژی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا بریتییە لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیگرتنی ئەلیکترۆنی یان ئینتەرنێت بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە دژی کەسێک. توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ بەکارهێنانی (استغلال) سێکسی کەسێکی دی، لەوانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەڕەشە یان زۆرلێکردن یان لێکێشانەوە (ابتزاز) بۆ مەبەستی سێکس یاخود قازانجی دارایی.

**نمونەکان:** بەدمامەڵەی سێکسی لەسەر بنەمای وێنە (بۆ نمونە، وێنەی ڕووت بۆ مەبەستی تۆڵەسەندنەوە، ئابڕوو بردن)، ئاماژەی سێکسی نەخوازراو، پۆستکردنی لە میدیای سێکسیدا بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی، هەڕەشە، ناوزڕاندن، بە دووکەوتن لە ڕێگەی ئنتەرنێتەوە، گاڵتەپێکردن لە ڕێکەی ئنتەرنێت و گێچەڵپێکردن هتد.

## یاسا بەرکارەکان

**توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە:**

بەکارهێنانی کەرەستەی پەیوەندیگرتنی تەلەفۆنی و/یان ئینتەرنێت بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە تاوانە:

- بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە یاخود زانیاری هەڵە کە ترس یاخود دەرفەت بۆ لەپاشەملە باسکردن دروست بکات.
- بەکارهێنانی قسەی نەشیاو یاخود بەکارهێنانی ڤیدیۆ/وێنە/نامەی مۆبایل کە پێچەوانەی بەها گشتیەکان بێت،
- گرتنی وێنەی شتێک/کەسێک بە بێ مۆڵەت
- هەر کردارێک کە شکۆی کەسێکی دی ئازار دەدات/ هانی  تاوانێک/کردارێکی نارەوشتی دەدات
- بڵاوکردنەوەی زانیاری تایبەت بە کەس و خێزانێک لە ڕێگەی هەر ئامرازێکەوە بێت، تەنانەت گەر ڕاستیش بێت، گەر دەرئەنجامەکەی ببێتە هۆی بەشدارییونیان لە ئابڕوبردن یاخود ئازار گەیاندن بە کەسیکی دی ( ماددەی ٢ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨).
- بڵاوکردنەوەی وێنەیەک، ئاماژەیەک یاخود زانیارییەک لەبارەی ژیانی کەس یان خێزانێکەوە کە ئەو بڵاوکردنەوەیە ببێتە هۆی سوکایەتی/زیان بۆ ڕزگاربوو تاوانە (ماددەی ٤٣٨ لە یاسای سزاکانی عێراقی ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).

## پێناسە و نموونەکان

**توندوتیژی دەروونی بریتی یە لە گەیاندنی ئازاری دەروونی بە مەبەستی ترساندن یان زاڵبوون یان ئازاردان یان سوکایەتی پێکردن یان لۆمەکردن یان بریندارکردن.**

توندوتیژی دەروونی سوکایەتی یان لە ئاست داگرتن یان بێ بەهاکردنی رزگاربووە؛ بۆ نموونە، ناچارکردنی ڕزگاربوو بۆ تێوەگلان لەیەکێک لەو کردارانەی سەرەوە بێبەشکردن لە تێچووە بنەڕەتییەکانی بژێوی بۆ مانەوەی خێزان یاخود بچووککردنەوەی بەها و ورەی ڕزگاربوو.

**نموونەکان:** هەڕەشەی توندوتیژی جەستەیی یاخود سێکسی و ئازاردانی خود/ڕزگاربوو/منداڵ/خێزان/هاوڕێ، ترساندن، سوکایەتی، دابرینی زۆرەملێ لە خێزان/هاوڕێ/ خوێندنگا، ڕاوەدونان، گێچەڵپێکردن، گرنگیپێدانی نەویستراو، ئاماژە، جوڵەی جەستە یاخود وشەگەلی وا کە سروشتێکی گاڵتەجاڕانە یاخود سێکسییان هەیە، دروستکردنی ترس بە ترساندن، لەناوبردنی ئاژەڵی ماڵی/موڵک/ کەلوپەلی خۆشەویست.

## یاسا بەرکارەکان

**توندوتیژی دەروونی:**

- هەموو توندوتیژییەکی دەروونی لە نێو خێزاندا تاوانە (ماددەی ٢ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١). نموونەکان: شکاندنی کەرامەت یان سوکایەتی کردن بە ڕزگاربوو یان بە خێزان و خزمەکانی یان بە کەم تەماشاکردن یان ئازاردانی دەروونی یان فشار خستنەسەر دەروونی ڕزگاربوو یان پێشێلکردنی مافەکانی یان بڕینی پەیوەندی خزمایەتی یان خێزانی.
- هەڕەشەکردن لە کەسێک بە ئەنجامدانی تاوان بە تاوان ئەژمار کراوە ( ماددەی ٤٣٠ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).
- هەڕەشە لە کەسێک بە بەکارهێنانی وشە یان کردار یان جا بە شێوەی نوسین یان قسەکردن یان بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تاوانە (ماددەی ٤٣٢ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).
- سوکایەتی کردن و ئابڕووبردنی کەسێک لە شوێنی گشتیدا یاخود لە شوێنی تایبەتدا تاوانە (ماددەی ٤٣٣-٤٣٥ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).

## پێناسە و نمونەکان

توندوتیژی کۆمەڵایەتی-ئابووری بریتی یە لە بێبەشکردنی رزگاربوو لە دەست راگەیشتنی بە سەرچاوەی سەرەکی یان دەرفەتی ئابووری یان خوێندن یان تەندروستی یان خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی دیکەیە.

توندوتیژی ئابووری بە دیاریکراوی هەوڵیکە بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابووریەکانی رزگاربوو بەمەبەستی ئەوەی رزگاربوو پشت بەکەسی تۆمەتبار ببەستێت لە رووی ئابووریەوە وەک رێگەیەک بۆ خۆزاڵکردن بەسەر سەرچاوە و بڕیاری ئابووری رزگاربوودا. بۆنموونە نەهێشتنی دەست راگەیشتنی رزگاربوو بە پارە یان رێگەنەدانی بە بەشداریکردن لە دەرفەتە پەروەردەیی و ئابووریەکان.

توندوتیژی کۆمەڵایەتی-ئابووری بەدیدەکرێت لە ناو هەندێک یاسا و پەیڕەو کە جیاکاری لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی تێدایە کە دەبێتە رێگر لە بەدەستراگەیشتنی ژنان و کچان بۆ داهات یان خزمەتگوزاری یان سەرچاوە یان دەرفەتەکان بۆ پێشکەوتن.

نمونەکان: رێگری کردن لە ژنێک کە مێردەکەی لە ژیاندا نەماوە لە وەرگرتنی میرات، پێنەدانی مافی موڵک، بردنی زۆرەملێیانەی داهاتەکەی لەلایەن هاوبەشی ژیانییەوە یاخود ئەندامی خێزانەوە، رێگە پێنەدانی ژن لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی رێگری کردن لە منداڵبون یان دەستڕانەگەیشتنی ژن بە هاوکاری تەندروستی یان کچێک کە رێگری لێ بکرێت بۆ چوون بۆ خوێندنگا، هتد.

## یاسا بەرکارەکان

توندوتیژی کۆمەڵایەتی-ئابووری:

دەستور و یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان مافە کۆمەڵایەتی-ئابووریەکانی بەبێ جیاکاری فەراهەم کردوە.

لە نێو خێزاندا، توندوتیژی کۆمەڵایەتی-ئابووری تاوانە. بە تایبەت بوونی پیشێلکردنی مافەکانی ئەندامی خێزان، ناچارکردنیان بە دەستکێشانەوە لە کارەکانیان، ناچارکردنی ئەندامانی خێزان بە کارکردن، ناچارکردنی منداڵان (کچان و کوڕان) بە کارکردن، بێبەشکردنی منداڵان (کچان و کوڕان) لە مافی خوێندن بەتاوان ئەژمار کراوە ئەگەرچی بەشێوەیەکی راستەوخۆ ناوزەندنەکراون (ماددەی ٢ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١).

## پێناسە و نمونەکان

نەریتە زیانبەخشەکان بریتین لەو شێوازانەی توندوتیژی کە لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدرێن لە هەندێک لە کۆمەڵگەکان یان لە کۆمەڵگە لە ئاستە گشتییەکەیدا، وە لەبەر ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆرە ئەنجام دەدرێن، وەکو پەیڕەوێکی قبوڵکراو (یانیش چاوەڕوانکراو)ی کلتوری پیشان دەدرێن. ئەم پەیڕەوانە دەکرێت لە شێوازەکانی دیکەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتیدا دابندرێت و بە شێوەیەکی سەرەکی لە دژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن لەو کۆمەڵگایانەی کە ژنان و کچان تیایدا تەواو بێ بەهان، وەکو پاشکۆی پیاو دەبینرێن و مافی کەمتریان هەیە. لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، هەندێک نەریتی زیانبەخش هەن، هەمویان بەتاوان ئەژمارکراون یان لەلایەن یاساوە سنوردارکراون.

نمونەکان:

- توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف: بۆ گەڕاندنەوەی شەرەفی خێزان، ئەتککردن یاخود کوشتنی ژن یان کچێک وەکو سزا بۆ کردارگەلێک کە بۆ جۆری کۆمەڵایەتی ئەو نەشیاوە و باوەڕ وایە کە شەرمەزاری بهێنێت بۆ خێزان یاخود کۆمەڵگە. بۆ پاراستنی شەرەفی خێزان (بۆ نمونە وەکو قەرەبوو بۆ کردەیەکی هێرشبەرانە کە ئەندامێکی نێری خێزانەکە دەیکات).
- هاوسەرگیری بە زۆرەملێ: ڕووبەڕوبوونەوەی فشاری جەستەیی بۆ هاوسەرگیرکردن (بۆ نمونە، هەڕەشە یاخود توندوتیژی ڕاستەقینەی دەروونی یان جەستەیی یان سێکسی) یاخود فشاری دەروونی (نمونە گەر وایان لی بکرێت کە هەست بکەن شەرمەزاری بۆ خێزانەکانیان دەهێنن). مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە کە بڕیار بدات لەگەڵ کێ هاوسەرگیری دەکات و ئایا هاوسەرگیری دەکات یان نا. لە هاوسەرگیری زۆرەملێدا، هیچ ڕەزامەندیەک بوونی نییە و هاوسەرگیرییەکە بە پێچەوانەی ویست و ڕەزامەندی ڕزگابوو ڕێک دەخرێت. نمونەکان: هاوسەرگیری بۆ دانەوەی قەرزی خێزان، ژن بە ژن، هاوسەرگیری بۆ مەبەستی دارایی، هاوسەرگیری بۆ دامرکاندنەوەی ناکۆکی خێزان، هاوسەرگیری کردن لەگەڵ کەسێک کە دەسدرێژی سێکسی کردووەتە سەر، هاوسەرگیری منداڵ (وەرگرتنی ڕەزامەندی لە منداڵ یاسایی نیە).
- هاوسەرگیری منداڵ: هاوسەرگیری ڕێکخراو بۆ کچێک یاخود کوڕێک لە ژێر تەمەنی یاساییەوە.

هاوسەرگیری منداڵ ئاماژەیە بە هەریەک لە هاوسەرگیری فەرمی لەڕێگەی دادگا یان هاوسەرگیری نافەرمی لەدەرەوەی دادگا دەگرێتەوە و لەحاڵەتی دووەمدا منداڵانی خوار تەمەنی (١٨) ساڵ لەگەڵ هاوبەشێکدا دەژین وەکو ئەوەی هاوسەر بن.

- لە هاوسەرگیری منداڵ کچان توشی مەترسی زیاتری توندوتیژی سێکسی یان جەستەیی یان دەروونی دەبن لەماوەی ژیانیدا و لە خوێندن بێبەش دەبن و هێزیان سنوردار دەبێت و تەواو بێدەسەڵاتیان دەکات لە بەرامبەر ئەو بەدماماڵانەی بەرامبەریان دەکرێت. هەروەها مەترسی تەندروستی هەیە لەسەر منداڵان لەوانە مردن یان زیانگەیاندن بەتەندروستی بەهۆی دووگیانی پێشوەختەوە.

- **شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە/ خەتەنەکردن:** شیواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە بۆ هۆکاری ناپزیشکی، بە گشتی لە تەمەنێکی کەمدا ئەنجام دەدرێت و بریتی یە لە برینی بەشێک یان تەواوی ئەندامی زاوزێی مێینە و دوورینەوەی.

خەتەنەکردنی مێینە کردەیەکی توندوتیژییە کە کاریگەری دەبێت لەسەر بەشەکانی کۆئەندامی زاووزێ و بەو جۆرەش دەکرێت وەکو دەستدرێژی سێکسی ئەژمار بکرێت. خەتەنەکردنی مێینە مەترسی تەندروستی دەستبەجێی لەگەڵدایە لەوانە ئازاری توند، خوێنبەربوون، توشبون بە نەخۆشی لە ڕێگەی هەوکردن، میز گلدانەوە، برین و تێکچونی شانەکانی تەنیشت وئەندامەکانی دیکە، شۆکی دەروونی. لە هەندێک حاڵەتدا، شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە دەبێتە هۆی مردن. لە دوور مەودادا، دەکرێت ببێتە هۆی کێشەی سێکسی، دەروونی و جەستەیی، لەوانە کێشە لەکاتی منداڵبوون.

**فرەژنی:** بریتی یە لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ زیاتر لە ژنێکدا. فرەژنی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا تەواو سنوردارکراوە لەبەر ئەوەی شکۆی ژنان پێشێل دەکات. توێژنیەوە جیهانییەکان فرەژنی گرێ دەدەن بە بڵاوبوونەوەی شێواوی دەروونددروستی لە نێو ئەو ژنانەدا کە لە خێزانێکی فرەژندان.

## یاسا بەرکارەکان

لە هەرێمی کوردستانی عێراق، یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١ پەیڕەوی نەریتە زیانبەخشەکان وەکو شێوەیەک لە شێوەکانی توندوتیژی خێزانی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە تاوان ناساندوە. بە دیاریکراوی، یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هاوسەرگیری زۆرەملێ، ژن بە ژن، هاوسەرگیری بۆ قەرەبووکردنەوە، جیاکردنەوەی زۆرەملێ و شێواندنی ئەندامی زاووزێی مێینە (خەتەنەکردن) بە تاوان دەناسێنێت.

**کوشتن لە ژێر ناوی شەرەفدا:** شەرەف ناتوانرێت وەکو بیانویەکی یاسایی بەکاربێت و ناتوانرێت وەکو بارێکی سوککردنی تاوان دابنرێت لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا. هەر بۆیە، کوشتن لە ژێر ناوی شەرەفدا یاخود هەر توندوتیژییەکی دیکە بە بابەتی شەرەف هاندراو بێت بە تاوان دادەنرێت لە شوێنی خۆیدا وەکو ئەوەی بە پێی یاساکانی سزاکان یاخود یاسای بەرکارەکان دیکەدا هاتووە (ماددەی ١ لە یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٢ یاسای هەمواری یاسای سزاکان).

کاتێک کە قوربانییەک هاندەدرێت بۆ خۆکوشتن لەلایەن خێزانەکەی، ئەوا ئەوانەی کە بەرپرسن لە هاندان یان یارمەتیدان یان کارئاسانی کردن یان گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی خۆکوشتن یان بوون بەهۆکاری خۆکوشتن سزا دەدرێن (ماددەی ١ لە یاسای ژمارە ٤٢ ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەمواری یاسای سزاکان (ماددەی ٢ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١).

تاوانەکانی دیکەی شەرەف کە لەلایەن یاساوە بەتاوان ئەژمارکراوە بریتین لە حاشالێکردن یان برینی پەیوەندی خێزانییەکان (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١).

**هاوسەرگیری زۆرەملێ:** لەبنەڕەتدا هاوسەرگیری دەبێت لەسەر بنەمای ڕەزامەندی بێت و خۆبەخشانە بێت بەڵام ئەوانەی زۆر لە کەسێک دەکەن بۆ هاوسەرگیریکردن سزا دەدرێن (بڕگەی ١ لە ماددەی ١ ی یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی هەموارکراو ژمارە ١٥/ساڵی ٢٠٠٨).

- هاوسەرگیری زۆرەملێ بە پوچەڵ دادەنرێت ئەگەر هاتوو لەپەردەکردن (دخول) ڕوونەدابێت. وەهەروەها هاوسەرگیری زۆرەملێ رادەگیرێت (موقوف) ئەگەر هاتوو لەپەردەکردن ڕوویدابێت (ماددەی ٦ لە یاسای ژمارە ١٥ ی ساڵی ٢٠٠٨).
- تەڵاق و جیابوونەوە مافی پیاو و ئافرەتە لەهاوسەرگیریدا ئەگەر ژن سەرپشککرابێت بە تەڵاق (ماددەی ٤٠ - ٥٠). پیاو و ژن مافی داواکردنی جیابوونەوەیان هەیە. (ماددەکانی ٤٠-٥٠ لە یاسای باری کەسیەتی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩).
- جیابوونەوەیەک کە لەلایەن ئەندامێکی خێزانەوە سەپێندرابێت تاوانە (ماددەی ٢ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١).

**هاوسەرگیری منداڵ:** تەمەنی ڕێگەپێدراو بۆ هاوسەرگیری بریتیە لە تەواوکردنی (١٨) ساڵی تەمەن (ماددەی ٧ لە یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩).

دادوەر دەکرێت ڕێگە بە هەر کەسێک بدات کە تەمەنی ١٦ساڵی تەواوکردوە و داوای هاوسەرگیری دەکات ئەگەر سەلمێنەری ئەوەی هەبوو کە توانای جەستەیی و ئەقڵی هەیە (ڕەوانەکردن بۆ هەڵسەنگاندنێکی پیشەییانە) و ڕەزامەندی دایباب بۆ کردنی ئەمە. دادوەر دەکرێت بە ڕەزامەندی دایباب/نەبوونی ڕەزامەندیدا بچێتەوە و دوا بڕیار بدات بۆ ڕێگەدان یان ڕێگەنەدان بە هاوسەرگیرییەکە (بڕگەی ١ لە ماددەی ٥ لە یاسای ژمارە ١٥ ی ساڵی ٢٠٠٨).

**تێبینی:** یاسای باری کەسیەتی ڕێگا بە هاوسەرگیری تەمەنی ١٥ ساڵ دەدات گەر دادوەر تەواو بە پێویستی زانی (بڕگەی ٢ لە ماددەی ٨ لە یاسای باری کەسیەتی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩).

هەر هاوسەرگیریەک لە خوار تەمەنی (١٨) ساڵیەوە بە هاوسەرگیری منداڵ/هاوسەرگیری خوار (١٨) ساڵ بەتوندوتیژی دادەنرێت کە لە ماددەی ٢ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١ دا بەتاوان ئەژمار کراوە، بە ڕێزپەڕی دادەنرێت لە ماددەی (٨) لەیاسای باری کەسیەتی وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە.

**شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە/ خەتەنەکردن:** شێواندنی ئەندامی زاووزێی مێینە (خەتەنەکردن) برینی پێست دەگرێتەوە و هەربۆیە بە دەستدرێژی بە مەبەست دادەندرێت و تاوانە (ماددەکانی ٤١٢-٤١٤ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩).

شێواندنی ئەندامی زاووزێی مێینە تاوانە ئەگەر ئەنجامدەرەکە ئەندامی خێزانەکەش بێت (ماددەی ٢ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١).

**فرەژنی:**

- بەپێی یاسا بەرکارەکان فرەژنی تاوانە تەنها مەگەر پیاو ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لە یاساکەدا هاتووە و بەرەزامەندی دادوەر (بڕگەی ٢ لە ماددەی ١ لە یاسای ژمارە ١٥ ی ساڵی ٢٠٠٨).
- چوونە نێو ژیانی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا تاوانە و سزاکەشی زۆر توندتر دەبێت ئەگەر پیاوێک لە دەرەوەی دادگا بچێتە نێو ژیانی هاوسەرگیری و فرەژنی ئەنجامبدات (یاسای ژمار ١٥ ی ساڵی ٢٠٠٨).

www.seedkurdistan.org
contact@seedkurdistan.org
facebook.com/SEEDKurdistan
twitter.com/SEEDKurdistan